

# ژیاننامەی هاوڕێ محمد مصطفی ناسراو بە کریم .

هاوڕێ کریم ساڵی 1973 لە خێزانێکی هەژار لە شارۆچکەی چوار قوڕنە هاتۆتە دنیاوە . خوێندنی سەرەتایی هەر لەو شارە تەواو کردووە . بەڵام بە هۆی فشاری بەعسیەکان لەسەری هاوڕێ کریمو چەند هاوڕێکی ناچار دەبن خوێندنی ناوەندی جێ بهێڵێنو تەواوی نەکەن . هاوڕێ کەریم کەسایەتیەکی ناسراوو دڵسۆزی ناو بنەماڵەو ئەوساتی کۆمەڵایەتی خۆی بووەو پەیوەندیەکی ئینسانیو مامەڵەی هاوڕێیانەی لەگەڵ کەسانی چواردەوری خۆیدا بووە کە بۆتە جێگەی ڕێزو سەرنجیانو بۆ کێشەو موشکیلەکانیان پشتیان پێ بەستووەو نزیکایەتیان لەگەڵدا پەیدا کردووە .

هاوڕێ کریم کەسێکی ناڕازی و تووڕە بووە لە کاروکردەوەی ئەحزابی ناسیۆنالیستی کورد ( یەکێتیو پارتی)و شەڕی ناوخۆیانو کاروکردەوەیان لەبەرامبەر خەڵکو هەمیشە بە دوای ڕێگەی دەربازبوون لە ژیانی ناهەمواری ئینسانەکاندا گەڕاوە و بۆ ئەم مەبەستە سەرەتا چوونە ناو حیزبی زەحمەتکێشانی بەو ڕێگەیە بینیوەتەوەو خەباتی خۆی لەوێدا ڕێك خستووە. بەڵام دواتر چوونە ناو ڕیزەکانی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی هەڵدەبژێرێتو لە ساڵی 1999دا پێیانەوە پەیوەست دەبێت و کارو چالاکی بەرچاو دەگێڕێتو زۆر زوو دەبێتە جێگەی باوەڕو پشتی پێ دەبەستنو دەبێتە هێزی چەکداری پارێزەری مەکتەبی سیاسی .

ڕۆژی 14.7ی ساڵی 2000 لە کاتێکدا لەگەڵ هاوڕێیانی بەرەو بارەگای کۆمیتەی ڕابەری دەگەڕێنەوە سەیارەکەیان لەلایەن چەکدارە خوێنڕێژەکانی یەکێتییەوە دەدرێتە بەر دەستڕێژی گوولە و بریندار دەبێ .بەڵام چەکدارانی یەکێتی زۆر دڕندانە مامەڵەی دەکەنو تا دەرەنگانێك نایگەیەننە نەخۆشخانەو بەم جۆرە هاوڕێ کریم گیانی بەخت دەکات . دوابەدوای ئەمەش دەست بەسەر مەیتەکەیدا دەگرنو نایدەنەوە کەسوکاری و لە تاریکی شەوە زەنگدا دەیخەنە ژێر گڵ .

مردنو سەرشۆڕی بۆ ناسیۆنالیزمی کورد .

بەرزو بەڕێز بێت ڕیبازەکەی هاوڕێ کریمو ڕێبازەکەی پڕ ڕێبوار بێت .

بژی کۆمۆنیزم .

ئامادەکردنی
جبار محسن